" وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی وڵاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس"

rahmayub@yahoo.de

# سەرمایەداری جیهانی یا خۆ فەرمانڕەوایی جیهان؟ (Empire oder Imperialismus?)



جیهانی کردن و حکومەتی نەتەوەیی، کۆمەڵی سەنعەتی و تێکنۆلۆژی مۆدێرن، چینی کرێکار و کۆمەڵی خەڵک، نیزاع لە گەڵ Michael Hardt و Antonio Negri

(وەرگێڕ: نەقدێک لە کتێبی "سەرمایەداری جیهانی- نەزمی نوێی جیهانی" لە نوسینی ئانتۆنیو نێگری و میخائێل هاردت کە لە ساڵی 2002 دا بڵاو کراوەتەوە)

**نوسەر: ساشا ستانیچیک،** 02.10.2002

**وەرگێڕ: ئەیوب ڕەحمانی** 9ی جۆزەردانی 2707

یەکێک لەو کتێبانەی کە لە ساڵی 2002دا زۆرترین قسە و باسی بە دوا خۆیدا ڕاکێشا، بە ناوی "سەرمایەداری جیهانی– نەزمی نوێی جیهانی" لە نوسینی ئانتۆنیو نێگری و میخائێل هاردت، بەم وشانە کۆتایی پێهاتبو: "هیچ هێزێک ناتوانێت ئەم شۆڕشی نوێیە کۆنترۆڵ بکات، لەبەر ئەوەی کە هێزی سروشتی و کۆمۆنیزم، پێکەوە کارکردن و شۆڕش لە خۆشەویستیدا و ساکاری و بێ گوناهی پێکەوە دەمێننەوە. لەناویدا ساکارییێکی بێ چەوسێنەرەوە و خۆشبەختی بەدی دەکرێت، و هانت دەدات کە کۆمۆنیست بێت"

ئێد ڤویلیامی لە ئۆبسێرڤێری بریتانیایی نوسی: "ئەم کتێبە حەیسیەتی وشەی کۆمۆنیزمی کڕیوەتەوە". بە کردەوەش هەر وا بوە و لەم ساڵانی ڕابردودا بەڕاستی هیچ کتێبێکی تەئسیرگوزاری لەم بابەتە بە تیراژی زۆر نەنوسراوەتەوە بێجگە لەم کتێبە کە بەم شێوە هێرشکەرانە و موسبەت باسی کۆمۆنیزمی کردبێت، بەو شێوەی کە هاردت و نێگری لە کتێبی سەرمایەداری جیهانی دەیکەن. شتێک کە بە بێ دودڵی لە کێشاندنی خوێنەری کتێبەکە بە دوای خۆیشیدا کەم دەکاتەوە، ئەمەیە کە بە شێوەیێکی توندڕەوانە نوسراوە و ئیدیعایێکی گەورەش فورمولە دەکات: ئەویش شی کردنەوەی چەمکێکی (فەرزی) نوێیە. شی کردنەوەیێک کە دەی هەوێت مارکسیزم و باقی شی کردنەوەکانیتر بخاتە پشت خۆیەوە. ئەم کتێبە لە لایەن فیلەسوفی لەهێستانی سلاڤۆج زیبزێک بە ناوی "مانیفێستی کۆمۆنیستی زەمانی ئێمە" ناوی لێ بردراوە.

تەنانەت زۆر ڕەخنەگریش دەڵێن کە ئەو کتێبە ئەرزشی خوێندنەوەی هەیە و بە شتێکی موسبەت و بە کەڵک چاوی لێ دەکەن. بەڵام لەوە دەچێت، کە هاتنی ئەم تێزە بێ مانایانە، بەکار هێنانی وشەی

بێگانە بە زۆری لەم کتێبەدا و هێنانەوەی قسەی کۆمەڵێک فەیلەسوف، ئەسەراتێکی وەها تۆقێنەر دابنێن کە بە سەختی یەکێک جورئەتی ئەوە بکات کە لە سەر سەرمایەداری جیهانی بەو شێوە بنوسێت کە شیاوی خۆیەتی: وشەی زۆر و زەبەندە و مانا و مەحتەوای کەم! کارێکی غەیرە عیلمی، کە لە ڕەوشتێکی وا پەیڕەوی دەکات و ئیدیعاهایێک دەکات، بە بێ ئەوەی کە فاکت و سەنەد ودەلیلێکی وایان لە سەر بێنێتەوە. کتێبێکە کە لە جوڵانەوەی دژی سەرمایەداری و بە جیهانی کردن بەرەو سیاسەتێکی ڕۆشن نامانکێشێت، بەڵکو تەم و مژ دروست دەکات. قەبوڵ کردنی پێشنیارە کەمتر سیاسی، کەمتر ستراتێژی و کەمتر بەرنامەییەکانی هاردت و نێگری، جوڵانەوەی دژی سەرمایەداری بەرەودوا دەخات. و دەتوانێت ئەو هەڵسوڕاوە چەپانەی کە پێیان وایە لەم کتێبی سەرمایەداری جیهانیدا واتە "Empire" بە کار هێنانی مارکسیزم و کۆمۆنیزم بە شێوەیێکی مۆدێرن باسکراوە، لە هەڵسوڕان ساردیان کاتەوە. بەم شێوە بە جیدی مەحتەوای ئەم کتێبە بە ناو دژی سەرمایەداریە دەبێت رەت بکرێتەوە.
زۆر ناخۆشە کتێبێکی وا بخوێنیتەوە، لانیکەم بۆ کەسێکی کە باسی فەلسەفە یا خۆ کۆمەڵایەتی نەخویندبێت. زۆربەی ئەو بڕیارانەی داویانن مەشکوکن، لە هەر لاپەڕەیێکدا شتی نادروستی تێدایە و زۆربەی پرسیارەکان هەر لە ناو خۆیاندا دژی یەک و زید و نەقیزن. مەبەستی سەرەکیی ئەوەی کە دەیانهەویت بیڵێن، بە جێگای 460 لاپەڕە، دەتوانرا لە 60 لاپەڕەدا بینوسن.

لەم کتێبەدا هەمو شتە دروستەکان نوێ نین و هەمو شتە نوێکان نادروستن!

## فەرمانڕەوای جیهان ئەمریکا (ئیمپێریالیزمی ئەمریکا) و پرسیاری شەڕ

(سەرنج بدەنە ئەم نەقلی قەولانەی خوارەوە کە لە پێشەکی کتێبی سەرمایەداری جیهانی(Empire ) وەرگیردراون.)

(و: ئەمانەی خوارەوە قسەی ناو کتێبەکەن!)
"سەرمایەداری جیهان وا خەریکە لە بەر چاوی هەمومواندا خۆی مادەگەرا (خۆی واقیعی) دەکات. لە دەیان ساڵ لەمەو بەرەوە، ئیستێعمارگەرایی وردە وردە باوی نەماوە و موستەعمەراتەکان ڕوخان، و بە دوا ئەوەدا کە حدودەکانی شۆڕەوی کۆن لە بەرانبەر بازاری ئازادی جیهانی سەرمایەداریدا تێک شکان، هەمومان شاهیدی بە جیهانی کردنێکی ئابوری و فەرهەنگی بە بێ ڕاوەستان و بە بێ گەڕانەوە بوین. بە دوا دروست کردنی بازاڕێکی جیهانی و تەولیداتێکی جیهانی، نەزمێکی جیهانیش سەری هەڵدا، مەنتقێکی نوێ و چوارچێوەیێکی فەرمانڕەوایی نوێ - بە کورتی، فورمێکی نوێ لە حکومەتی موتڵەق. فەرمانڕەوایی جیهان مانا و مەفهومە سیاسیەکەیەتی، کە ئەم بە جیهانی کردنە و ئاڵ و گۆڕەکان بەڕێوە دەبات، هیزێکی موتڵەق کە فەرمانڕەوایی جیهان دەکات".

"فەرزیە بنەڕەتیەکانی ئێمە ئەوەیە کە، حکومەتی موتڵەق فۆرمێکی نویی پەیدا کردوە، لە کۆمەڵێک هێزی نەتەوەیی یا خۆ باڵای نەتەوەیی(supranational) پێک هاتون کە بەس باوەریان بە یەک جۆر و یەک دانە مەنتقی حکومەت کردن هەیە. ئەم جۆرە حکومەتە موتڵەقە جیهانیە نوێیە، هەر ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێن سەرمایەداری جیهانی"( Empire ).

"بە پێچەوانەی فەرمانڕەوایی جیهانی(Imperialism)، سەرمایداری جیهانی (Empire) هیچ پێویستییێکی بە مەنتەقەیێک یا خۆ مەرکەزێک بۆ دامەزران و سەقامگیربونی هێز نیە، و هەروەها هیچ پێویستییێکیشی بە تێپەڕاندنی حدودەکان و خۆ بەستنەوە و خۆ گیرۆدە کردن نیە. ئەو بێ مەرکەزیەت و

بێ مەنتەقەگەرایە، ماشینێکی فەرمانڕەواییە کە هەنگاو بە هەنگاو هەمو جیهان دەکاتە یەک و دەیهێنێتە ژێر سەیتەرەی خۆی، و لە ناو ئاسۆ کراوە و پان و بەرینەکەی خۆیدا قوتی دەدات".

"نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا مەرکەزی فەرمانڕەوایی جیهان پێک ناهێنن، و بە ڕاستیش تا ئێستا هیچ حکومەتێکی نەتەوەیی لەو پێگەدا نیە کە ئەوە بکات. فەرمانڕەوایی جیهان(ئیمپێریالیزم) تەواو بو. هیچ گەلێک ناتوانێت بە تەنیایی هەمو جیهان ئیدارە بکات، بەو جۆرەی کە نەتەوە مۆدێرنە ئوروپپیەکان کردیان.
نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ناو سەرمایەداری جیهانیدا مافێکیان بۆ خۆیان قەبوڵ کردوە، بەڵام ئەم مافە لەو لە یەک چونەی (شەباهەتەی) کە هێزە ئوروپایە کۆنەکان بۆ خۆیانیان ڕەچاو کردوە موشتەق نەبوە (وەرنەگیراوە)، بەڵکو لە جیاوازیەکانیان موشتەق بوە".

دەکرێت خوێنەران واز لە نەقڵ گێڕانەوەیکی تەواو لەم بابەتانە بێنن، بەڵام لەو نەقڵانەدا گرنگترین بیر و بۆچونەکانی هاردت و نێگرِی لە ناو وشەکانی خۆیاندا دەبیندرِێنەوە.

هاردت و نێگرِی سەرمایەداری جیهانی بە ناوی پۆست فەرمانڕەوایی نەزمی جیهانی ناوزەد دەکەن. نەزمێکی جیهانی کە ئیتر بە دەست حکومەتە نەتەوەیەکانی خۆیانەوە بەڕێوە نابردرێن، بەڵکو بە دەست هیزێک کە هەمو جیهانی قوت داوە، هێزێکی جیهانی کە هیچ مەرکەزیەتێکیشی نیە. سەرمایەداری جیهانی لە هەمو کوێیەکە یا لە هیچ کوێ نیە. هیج ناوەوە و دەرەوەیکی نیە. نەتەوە یەکگرتوەکان بەس مافێکیان هەیە تییدا. لە ناو "هێرەمی ئەم بینا جیهانیەدا" ئەوان لە ناو نوکەکەیدان، بە بی ئەوەی کە بتوانن ئیدیعای "بەڕێوەبردنی جیهانیان" بکەن.

داگیرکاریە نیزامیەکان وەکو شەڕی جۆربەجۆری حکومەتە نەتەوەیەکان چاوی لێناکرێت، بەڵکو وەکو کاریکی پۆلیسی (وەرگێر: نەزمی جیهانی) لە چوار چێوەی سەرمایەداری جیهانیدا چاوی لێدەکرێت. بە کردەوە زۆر خاڵی پۆزەتیف و باش بۆ سەرمایەداری جیهانی دەنوسن. لە لاپەرەی 179 دەڵێن: "لە ئاخردا ئاگادارتان دەکەینەوە لەوەی کە، تەرەقی و پێشکەوتن و بەربڵاو بونەوەی سەرمایەداری جیهانی لە ئاشتیەوە سەرچاوە دەگرن". هاردت و نێگرِی لە ئەسڵدا وا بیر دەکەنەوە کە دەورانی ڕەقابەتە توندەکانی شەڕ و نیزاع تەواو بون و بە مێژو سپێردراون. ئەوان تێناگەن کە ڕوخانی سیستەمی ستالینیستی، و بە هۆی هاتنە ئارای فازی ڕکودی سەرمایەداری و هەروەها پەرەگرتنی ڕەقابەتی نویی بازاری ئازاد، شەڕ و کێبەرکێی لە بەینی هێزە سەرمایەداریەدارەکانی جیهان دوبارە زیندو کردوتەوە. دەلیلی ئەم شەڕ و پێکدادانانە ئەوەن کە سیستەمی ڕەقابەتی لە نێوان ستالینیزم و سەرمایەداری، حکومەتە ئیمپێریالیستیەکانی مەجبور کرد بەوەی کە هەردوکیان دژی دوژمنی موشتەرەکیان یەک بگرن و شەڕەکانی نێوان خۆیان کەم بکەنەوە.

ئەم دو نوسەرە شتەکانیان زۆر دژی یەکەن(زید و نەقیزن)، هەر لە پرسیاری ئەگەری شەڕ و هەروەها داگیرکاری نیزامی و دەور و جێگای کۆمەڵە نێونەتەوەیەکانی وەک UN لە لایکەوە و نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە لایکیترەوە، شتە دژی یەکەکانیان بەرچاون. ئەم زد و نەقیزیە لە چەند دانەیک لەم نەقڵی قەولانەدا هاتون:

بۆ نمونە لە لاپەڕەی 51 دەکوترێت: "داگیرکاریە نیزامیەکان ئەمڕۆکە هە تا دێت کەمتر پەیرەوی لە نەزمە جیهانیە کۆنەکان یا خۆ تەنانەت لە چوار چێوەی سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان UN دەکەن.

زۆربەیان یەک لایەنە لە لایەن ئەمریکایەکانەوە دیکتە دەکرێن یا دادەسەپێندرێن، بەو جۆرەی کە بۆ خۆیان هێرشە سەرەتایەکان دەست پێدەکەن و ئەگەر سەرکەوتو بن درێژەی پێ دەدەن و ئەگەر دوژمنەکەیان خستیانیە تەنگەسەری و چەڵەمە و شەڕەکە درێژەی کێشا ئەوکات داوا لە هاوپەیمانەکانیان دەکەن کە دەخالەت بکەن و سەرمایەداری لەم چەڵەمە رزگار بکەن یا خۆ بە هەموان حەریفە نوێکەیان تێک بشکێنن".

بە پێچەوانەی ئەمانەوە لە لاپەڕەی 192 و 193 دەکوترێت: "لە کۆتایەکان و درێژەی شەڕی سارددا ئەمریکاییەکان نەیان توانی بەرپرسیارایەتی وەرگرتنی پۆلیسی جیهانی قەبول بکەن. بەڵام لە شەڕی خەلیجدا ئەمریکایەکان توانیان ئەم کارە بۆ یەکەم جار بە تەواوی توانایانەوە بکەن. لە ڕاستیشدا ئەم شەڕە، ئەگەر لە زاویەی مەبەستە دیاریکراوەکانەوە، یا تەماعە ناوچەیەکانەوە یا خۆ باوەڕە سیاسیەکانەوە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، چاوی لێ بکردرێت، کەمتر کردەوەێکی دیفاعی بو. ئێمە لەم جۆرە شەڕانەمان زۆر تەجروبە کردوە، کە لە لایەن ئەمریکایەکانەوە یا خۆ هەوپەیمانەکانیەوە رەهبەری کراون. عێراق بەوە مەحکوم کرا کە دەستدرێژی کردوتە سەر مافە ڕەوا جیهانیەکان، بەم دەلیلە دەبو حوکم بدرێت و جەریمەکەی بدات. مانا و مەفهومی واقیعی شەڕی خەلیج بەڵام بەم شێوە بو کە، ئەمریکایەکان تەنیا هێزێکی سەرەکی بون کە بۆ جێبەجێ کردنی عەداڵەتێکی جیهانی ئەم جارە نەک بۆ بەرگری کردن لە **عەلاقە نەتەوەیەکانیان**، بەڵکو بۆ بە جێ هێنانی مافە جیهانیەکان هەوڵیان دا. (...) ئەمریکایەکان وەک پۆلیسی جیهان بۆ عەلاقە و باوەڕەکانی فەرمانڕەوایی جیهان (Imperialism) هەوڵیان نەدا بەڵکو بۆ باوەڕەکانی سەرمایەداری جیهان (Empire) شەریان کرد. (...)

هەر وەک چۆن سێناتۆرەکانی ڕۆمی کۆن لە سەدەی یەکەمی دوای زایین داوا و تکایان لە ئاوگوستۆس کردبو کە بۆ دروست کردن و تەئمین کردنی ئاسایشی گشتی، هیزی حکومەتی قەیسەری وەرگرێت و نەزم بەڕێوە بەرێت، هەر بەو شێوەش ئەمڕۆکە ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان {وەک نەتەوە یەکگرتوەکان (UN)، ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکانی وەک بانکی جیهانی، هەروەها ڕێکخراوە ئینسانی و مرۆڤدۆستەکانیش} تکا لە ئەمریکایەکان دەکەن کە ڕۆڵێکی ناوەندی لە بەڕێوە بردنی نەزمی نوێی جیهانی وە ئەستۆی خۆیان بگرن. لە هەر هەمو شەڕ و پێکدادانە ناوچەیەکان لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، هەر لە هائیتیەوە تا کو شەڕی خەلیج، لە سۆمالیەوە تا بۆسنی، تکا لە ئەمریکایەکان کراوە کە بە شیوەی نیزامی موداخیلە بکەن – و لەم حاڵەتەدا ئەم تکا و ڕەجایانە زۆر واقیعی و زاتی و بنەڕەتی دەکرێن، نەک بە شێوەێکی کراوە کە هەمو کەس لێ ئاگادار بێت، تکاکان وا بخرێنە پێش چاو و لە خزمەت ئەوەدا بن کە موقاوەمەت و نەخواستنی ئەمریکایەکان لە کردنی ئەم ئەرکەدا تێدا کەمتر بکرێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەمریکایەکان خۆیشیان نەیانویستبا بە خواست و عەلاقەی خۆیان ئەم کارە بکەن، بەڵام دەبو ئەم ئەرکە ڕاسپاردراوە بە ناوی ئاشتی و نەزم بە شێوەی نیزامی جێبەجێ بکەن. وا پێدەچێت کە کاراکتر یا ماهیەتی سەرەکی و ناوەندی سەرمایەداری جیهانی لەمەدا خۆی نیشان بدات کە: سەرمایەداری جیهانی نیشتەجێی مەکانێکی موبهەمی جیهانیە، کە دایم و دەرهەم لەوێوە بۆ ژیانێکی نوێ وەخەبەرمان دێنێتەوە. نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پۆلیسی ئاشتی جیهانین، بەڵام بەس لەم چەمکەی ئاخریاندا، کاتێک کە ڕێکخراوەی ئاشتییە نێونەتەوەیەکان بە پێ زەڕورەتی دەستکردنەوە پێیان ڕابگەێنن و هەروەها بە پێ ئەو مافە هەمەجۆرە یاسایانە کە هێزە بڕیاردەرە ڕێکخراوەیەکان بۆ هاوکاری کردن پێکەوە هەیانە، کار بکەن".

نوسەرەکان لە شوێنێکی دیکە لە کتێبەکەدا دەڵێن، "ئەمریکایەکان هێزێکی سەرەکین، کە دەتوانن بە تەنیایی کار بکەن، بەڵام ئەوە بە باشتر دەزانن کە بە هاوکاری ئەوانیتر و لە ژێر سەقفی نەتەوە یەکگرتوەکاندا (UN) کار بکەن".

ڕاستیەکان دەتوانن ئازار گەێنەر و تاڵ بن. ئەگەر هاردت و نێگری بە بیستنی ڕاستیەکان ئێش و ئازاریان پێ بگەیشتبایە، هیچ میقدارێک لە مۆڕفین نەیدەتوانی ئێشەکانیان هێوەر کاتەوە. ئەو دو نوسەرە کتێبەکەیان نە تەنیا لە پێش ڕوداوی **11**ی سێپتامبری **2001** بەڵکو هەروەها لە پێش شەڕی ناتۆ لە دژی سێڕبەکان تەواو کردوە. هەر دوک شەڕەکان سەنەدێکی ڕەتکردنەوەی تێزەکانی ئەوانن. بەڵام بێجگە لەمانەش هەر شێوەی ڕوانینەکانیان لە سەر شەڕی خەلیج لە ساڵی **1991** خۆی جیگای باوەڕ پێکردن نیە، بە تایبەت بۆ کەسانێک کە خۆیان بە کۆمۆنیست بزانن.

هۆیەکانی شەڕی خەلیج لە ساڵی **1991** بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایانەی کە دەکرێن، ژێر پێ نانی مافە جیهانیەکان لە لایەن سەدامەوە نەبو. ئەم جۆرە دەستەبەندیانە لە لای هێزە بەڕێوەبەرەکانی نیزامی سەرمایەداری زۆر غەریبن. ئەوان خۆیان بە کەڕات و بە کردەوە مافە جیهانیەکان، مافی مرۆڤ و هەروەها دێمۆکڕاسیان ژێر پێ ناوە و پشتیوانیشیان لە هێندێک وڵاتی ژێر پێ نەری ئەم مافانە کردوە. بەس چاو لەم چەند نمونانەی وەک، داگیر کردنی عەرزی فەلەستینیەکان لە لایەن دەوڵەتی ئیسڕائیل، شەڕی ئێران و عێراق، شەڕی چێچێن، دیکتاتۆری ئەندۆنێزی سوهاڕتۆ و یا **چەوساندنەوە و ژێر پێ نانی هەمو مافەکانی گەلی کورد** لە تورکیە، بکەن. و هەروەها لە ڕابوردوشدا شەڕە ئیمپێڕیالیستیەکان لە هیچ کوێێک بنەمایێکی ڕاستەقینەیان نەبوە. بەڕێوە بەرانی شەڕەکان هەمیشە گۆیا مەبەستیان دێمۆکڕاسی و هەدەفە خەیاڵیەکان بوە و یا گۆیا بەس پارێزگاریان لە خۆیان کردوە. هێڕشی سەدام بۆ کویەت بە مانای کەوتنە مەترسی پڕێنسیبە ئابوریەکانی دەوڵەتە ئیمپێڕیالیستیەکان بو. کاتێک کە هەمو چاڵە نەوتیەکانی عێڕاق و کویەتیش کەوتنە ژێڕ کۆنتڕۆڵ و فەرمانی سەدام، بە شێوەێک کە پتانسیێلی بردنە سەری نرخی بازاری نەوت کەوتبوە دەست سەدام، ئەمە بوە هۆی هێڕشی نیزامی ئەمریکایەکان و هاوپەیمانەکانیان بۆ سەر عێڕاق. ئەوە شەڕێک بو کە بۆ نەوت کرا. هێندێک لە سیاسەتمەدارە ئەمریکایەکان ئەمەیان نە تەنیا نەشاردەوە، بەڵکو بە ئاشکرا باسیان لێ کردوە. جۆرج هامیلتۆن، ڕەئیسی هەر دو دەفتەری ئوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مەجلیسی ئەمریکا، لە وتوویژێکدا کە لە گەڵ شپیگڵ لە کاتی دەستپێکردنی شەڕی خەلیجدا کردبوی، وتبوی: "هۆی بەشداری ئێمە لە شەڕی خەلیجدا، شتیکی زۆر بابەتی و ڕۆژانەیە. پوڵ و نەوت – و هەروەها ئەوەش کە کێ کۆنتڕۆڵی بە سەریاندا هەبێت".

ئێئتیلافی جیهانی لە دژی سەدام بە هۆی دروست بونی مەوقیعیەتێکی تازەوە کە بە دوای ڕوخان و تێکشکانی نیزامی ستالینیستیەوە پێک هاتووە، دروست کرا. ئەمریکایەکان وەک تەنیا هێزی سەرەکی مانەوە. ئیمپێڕیالیزمی ڕوسەکان جارێکە خۆیانیان قاییم و پتەو نەکردبو. وڵاتە عەرەبیەکان هیوادار بون کە بە جێگای پاداشی مەوزعێکی پڕۆ ئەمریکایی کە گرتبویان، هیچ نەبێت لانیکەم ڕێگا حەلێک بۆ کێشەکانی فەلەستین و ئیسڕائیل بدۆزرێتەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک ئیدیعا بکات کە، ئەمریکایەکان ناوەندی پڕۆژەێکی ئیمپێڕیالیستیان پێک نەهێناوە و هیچ مەکانێکی حەقیقی بۆ دامەزراندنی هێز لە داهاتودا نیە، بەو مانایەیە کە واقیعیات ئەسڵەن نەبینین یا خۆ لە عالەمی خەیالات و لە تەخەیوڵدا بژین.

## فەرمانڕەوایی ئیمپێڕیالیزمی ئەمریکا

ئەمڕۆ ئەمریکایەکان خەریکن سەیتەرەی ئابوری، دیپلۆماسی و هەروەها نیزامی خۆیان بە سەر جیهاندا داسەپێنن، بە جۆرێک کە تاکو ئێستا هیچ وڵاتێک نەیکردبێت. ئەمڕۆکە تەقریبی یەک سێیەمی

داهاتە نەتەوەیەکانی جیهان بۆ ئەمریکایەکان دەبێت. ئەم ڕەقەمە ئەوکات، دوای کۆتایی شەڕی دوهەمی جیهانی زیاتر بو، تەقریبەن 50 دەرسەد بو. لە بەر ئەوەی کە ئەو کات ئوروپا و ژاپۆن بە بۆنەی شەڕی دوهەمی جیهانیەوە ویران بون و هەموی ببون بە دوکوڵ و خۆڵەمێش. لە کۆتایی ساڵەکانی 80 دا بەشی ئەمریکا تا 22 دەرسەد هاتە خوارەوە.
نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێندە بە هێزن کە دەتوانن هێزی ئابوری خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کە زەخت بخەنە سەر ڕێکخراوە جیهانیەکانی وەک IWF و WTO و خەت و نیشانیان بۆ بکێشن و بەرگری بکەن لەوەی کە ئەمان دژی ئەمریکایەکان شتێک بکەن یا خۆ شتێک بڵێن. لە باری نیزامیشەوە هێز و سەروەری ئەمریکایەکان بە باڵاترین حەدی خۆی گەیوە کە لە گەڵ هیچ هێزێکی دیکە لە جیهاندا نایەنە کێشێکەوە. ئەمریکا ئێستا 40 دەرسەدی چەک و چوڵی وڵاتانی جیهان تەئمین دەکات، دروستکردن و سادیر کردنی کالا ناوماڵیەکانی زیاتر لە کالا ناوماڵیەکانی 15 وڵاتی دوای خۆی سەنعەتی جیهانە. پاوڵ کێنێدی لە Financial Times ی 02.02.2002 دا نوسیبوی، کە ئەو لە ناو ئامارە پێشوەکانی 500 ساڵی ڕابوردودا، هیچ جیاوازیەکی قابیلی هەڵسەنگاندنی لە مابەینی هێزی نیزامی، هێزە فەرمانڕەواکاندا بەر چاو نەکەوتوە. هێزی دەریایی بریتانیا بە قەد دو هێزی دەریایی دوای خۆی بە هێز بو. بەڵام هێزی دەریایی ئەمریکایەکان بە تەنیا بە قەد هەمو هێزە دەریایەکانی جیهان بە هێزە، واتە هەمو پێکەوە لە لایێک و ئەمریکا لە لایێک. ئەو هەروەها بڵاو بونەوە و ڕو لە زیاد بونی هێزی ئەمریکای بە شتێکی یەک جاری و تاقانە ناو بردبو.

کارڵ دێر گرۆسە (و: لینک لە منەوەیە)، فەرمانڕەوایەکەی خۆی بەس تا ئورووپای ڕۆژئاوا پەرە پێدا و ئەم فەرمانڕەوایە ئەو کات بە تەنیا هێز نەبو لە بەر ئەوەی کە فەرمانڕەوای پارس و چینیش هەبون.

لە گەڵ ئەمەدا ئەبێ ئەوەش بڵێین کە ئیمپێریالیزمی ئەمریکا لە دە ساڵی ڕابوردودا داگیرکاریە نیزامیەکانی کەمتر لە گەڵ هاوپەیمانەکانی دەکات و بەم شێوە ڕێگە لەوە دەگرێت کە مەیدانی کاری خۆی و ڕادەی بڕیاردان لە چۆنیەتی بەکار هێنانی هێزەکەی لە لایەن هاوپەیمانەکانیەوە مەحدود و چوار چێوەدار بکرێتەوە. وینفرید وۆڵف (و: لینک لە منەوەیە) لە کتێبەکەی دا بە ناوی "ئەفغانستان، شەڕ و نەزمی نوێی جیهانی" (و: لینک لە منەوەیە) ئەم پرۆسەی بە تەرکیبی یوئێن، ناتۆ، سۆلۆ ( UN - Nato - Solo) ناوزەد کردبو. لە بەر ئەوەی کە کاتێک کە شەڕی خەلیج لە ساڵی 1991 لە ژێر سەقف و چاوەدێری UN بەڕێوە دەچو، هاوکات شەڕ لە دژی سێربەکان لە ژێر فەرمانی ناتۆدا چوەپێش و لە لەشکەرکێشی و شەڕ لە گەڵ ئەفغانستانیش بەس ئەمریکا هەمەکارە بو. پیاو نابێت بۆردومانەکانی عێراقیش لە ساڵی 1998 لە بیر بەرێتەوە، کە سەرەڕۆیانە لە لایەن ئەمریکا و بریتانیاوە بەڕێوە چون. بە پێچەوانەی ئەوەی لە کتێبی سەرمایەداری جیهانی (Empire) کە نوسراوە بۆ قازانجی گشتی {(Universalism)، (بە ناوی هاودەنگی بە قازانجی کۆمەڵی جیهانی)}، عەلاقەی ئیمپێریالیزمی ئەمریکا زۆرتر بە یەکدەندەیی و سەرەڕۆیی بە تەنیایە(Unilateralism) ە (ڕەفتارێکی یەک لایەنە و تەنیا بە هێزی خۆی و بۆ مەبەستی خۆی).

با هاردت و نێگری بەو دەلیل و هۆیانەی کە پێشتر هێناویانەتەوە، هەمو جێگا و مەکانە باڵا و تایبەتیەکانی ئەمریکا بسڕنەوە. بەڵام بەو جۆرەی کە باسمان کردون و زیاتریش باسیان لێ دەکەین ئەو گریمانە و تێئۆریەی کە، گۆیا دەوڵەتی نەتەوەیی ئیتر هیچ ڕۆڵێکی بەر چاو ناگێڕێت، لە هەر لایێک و گۆشەیێکەوە کە چاوی لی بکرێت غەڵەتە - چ لە گۆشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، نیزامی و یا خۆ ئابوری. بەڵام بەس یەک تەماشا و ئاوڕدانەوەی چکۆلە لە هۆیە واقیعیەکانی شەڕە جۆراوجۆرەکانی وڵاتە ئیمپێریالیستیەکان نیشانمان دەدەن کە سەرمەیەداری جیهانی (Empire) بونی نیە، و بە پێچەوانەشەوە زۆر بە ڕونی دیارە کە هێز جێگا و مەکانی پێویستە و هەشیەتی.

ئەو نیزاعە لەفزیە نوێیانەی کە لە بەینی حکومەتە جۆراوجۆرەکاندا لە سەر ئەو شەڕەی کە حکومەتی جۆرج بوش لە دژی عێراق و بۆ سەپاندنی عەداڵەتی جیهانی دەیەویست بۆ ئەوە بو کە، شەڕەکە عەلاقە و ئەنگیزەی هێندێک لە حکومەتە نەتەوەیەکانی تریشی لە گەڵ بو. نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکا خەریکن فەرمانڕەواییکی بێ وێنە تاقی دەکەنەوە. هێزەکەیان بەڵام نا مەحدود نیە. ئەوانیش وابەستەگیان بە بازاری جیهانی و گەڕانی سەرمایە لە ئەمریکا هەیە و بەم بۆنەوە ناتوانن هەر وا بە ئاسانی داخوازیەکانی خۆیان داسەپێنن و لە هەر حاڵەتێکدا بڕۆنە پێش. قسە و باس و نیزاعە لەفزیەکان لە مەڕ هێرش و شەڕ لە گەڵ عێڕاق بە باشی نیشانیاندا کە: لێرەدا بەس جێگا و شوێنە جیاوازە سیاسیەکان مەبەست نین بەڵکو هەروەها عەلاقە و ویستە جیاوازەکانیش گرینگن. زۆر لە حکومەتە ئوروپایەکان لە گەڵ پڕۆگرام و سیاسەتە شەڕ خوازانەکانی بوشی کوڕ فاسیلەیان گرت، ئیختاریەیان دەرکرد و هەروەها داوایان کرد کە ئەگەر قەرار بیت شەڕێک لە دژی عێڕاق بکرێت، دەبێت UN بیکات. ئەمە نیشانی دا کە ستڕاتێگەکانی چینی سەرمایەدار لە ئوروپا بە تێگەیشتنێک گەیبون کە پێوانەی بردنەوەی قەتعی و هەروەها غورور لە ناو دەستەی بەڕێوەبەری کارو باری دەفتەری جۆرج بوش، بونیان نیە: تێگەیشتنی ئەو ڕاستیەی کە، پێوانە نەکردنی دەسکەوتەکان و دوا ڕۆژی هێرشی نیزامی بۆ سەر بەغداد – کە زۆر پێ دەچێت ببێتە هۆی تەقینەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لە هەمو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک، کە تەنانەت دەتوانێت ڕوخانی ڕژیمی سعودیشی بە دواوە بێت و هەروەها مەترسی بە کار هێنانی چەکی ناوەکی لە لایەن ڕژیمی ئیسرائیلی بە ناوی پارێزگاری لە خۆی بە دواوە بێت، یا لەوانەبو ڕەت کردنەوەی ئەو سیاسەتانە لە لایەن حکومەتە ئیمپێریالیستیەکانی ڕۆژئاوای بە دواوە بێت، کە لە جوڵانەوە دژی شەڕەکان و پڕۆسەی بنەڕەتی کردنەوە سیاسیەکان لە ناو چینی کرێکار و لاوانی وڵاتەکانیان پێی ناچار کرابن و بە چۆکیاندا هێنابن. بەڵام هێز و توانایی ئەم تێگەیشتنە لە ئوروپا (و هەروەها لە وڵاتانی ڕوسیە و چینیش)، بنەمایێکی ماتریالیستی یا مادیان هەیە. (ئەم پرسیارانە لە ناو چین و توێژی بورژوازی نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش هەر باس و موشاجیرەیان لە سەر دەکرێت).

**یەکەم** ئەوەی کە چینە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەداری لە ئوروپا زۆر حەزیان لە فەرمانڕەوایی ئەمریکایەکان بە سەریاندا و هەروەها لە تەکرەویەکانی ئەمریکا نیە. ئەوان هەوڵ دەدەن کە ئەم ڕەفتارانەی ئەمریکایەکان ڕابوەستێنن و لە بەرانبەریدا هێز و بازو نیشان دەدەن. لە ناو حکومەتگەرە ئوروپایەکان بە کردەوە ئەنگیزەیێک هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر هات و شەڕ لە هەر شوێنێکی جیهان ڕویدا، ئیبتیکاری عەمەل بە تەنیا بۆ ئەمریکا بە جێ ناهێڵن. بنەمای ئەم ستڕاتێژیە دژی شەڕەی ئوروپا ئەوە بە سەر ئەمریکادا دەسەپێنیت کە بۆی نیە بە تەنیا کار بکات و دەبێت ڕێگا بە ئەمانێش بدات کە لە لەشکرکێشیەکانی داهاتودا بەشێکی زیاتریش بە مان بگات. ئێمە بەس ئەوەندە وەبیری خۆمان دێنینەوە کە ڕژیمی شڕۆدێر/ فیشێر لە ئاڵمان بڕیاری دا کە هێز بۆ ئەفغانستان بنێرێت بە بێ ئەوەی کە ئەمریکا داوای لێ کردبێتن. ئاڵمان ویستی بەم شێوەیە خۆی تیکەڵ بکات و عەرزەکە بە تەنیا بۆ هێزە ئیمپێریالیستەکانی تر بە جی نەهێڵێت.

**دوهەمیش** ئەوە بو کە عەلاقە ئابوریەکان بۆ مەنتەقە شەڕاویەکانیش لە یەک جیاوازن. ئەگەر بیت و چاڵە نەوتیەکانی عێڕاق لە ژێر سەیتەرە و کۆنتڕۆڵ و چەوساندنەوەکانی ئەمریکا و بریتانیادا بمێننەوە، هەر وەکو ئەوە وایە کە هەر ئێستاش بە دەست سەدامەوە بن. دەوڵەتی عێڕاق پێشتر قەراردادهایێکی چاڵە نەوتیەکانی خۆی لە گەڵ دەوڵەتانی وەک ڕوسیە، چین و هەروەها شیرکەتە فەڕانسەویەکان بەستوە. هەروەها وەزیری خاریجی عێڕاق ماندو نابێت لەوەی کە بڵێت دەوڵەتەکەی پێشتر چ ئەیوەندیێکی پتەوی لە گەڵ وڵاتی ئاڵمان هەبوە. (هیچ نەبێت کارخانەکانی دروست کردنی گازی ژاراوی لە عێڕاق لە هەشتاکاندا بە دەست و هاوکاری ئاڵمانیەکانەوە دروست کرابون). ڕێگای

گەیشتن بە چاڵە نەوتیەکان بۆ ئەمریکا و بریتانیا بەس ڕۆخاندنی سەدام بو. بەڵام وڵاتە ئیمپێریالیستیەکانیتر هیچ دژایەتییێکیان نیە لە گەڵ ئەوەدا کە ئێستا مەعامەلەی زیاتر لە گەڵ دەولەتی بەغداد بکەن.

ئێستا یەکگرتنی جیهانی بۆ "شەڕ لە دژی تێرۆریزم" چۆن هەڵدەسەنگێنین؟ ئایا ئەمە نوسخەیێک بۆ تێزەکانی هاردت و نێگری بۆ سەرمایەداری جیهانی نیە؟ یەکگرتویی یا "ئالیانسی دژی تێرۆر" هاوکات قسەی سەر زاری فەرمانڕەوا و ئیمپێریالیزمی ئەمریکا و هەروەها ئەو ڕاستیەشە کە حکومەتە نەتەوەیە سەرمایەداریەکانیتریش دەتوانن هەر لە ژێر ئەم سەقفەدا و هەر بۆ ئەو مەبەستانەی ئەمریکا لێک کۆ و نزیک ببنەوە. ئەم تێزە بۆ ڕوداوەکەی سەدامیشدا هەر ئەخوات. سروشتیە کە یەکێکی وەک سەدام لە دید و بۆچونی ئیمپێریالیستە ڕۆژئاوایەکانەوە کەسێکی موتمەئین بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەم حکومەتانەی کە پێکەوە سیستەمێک دروست دەکەن کە دەولەتە نوێ کۆلۆنیالیستیەکان دەچەوسێننەوە. سروشتیە کە بۆ حکومەتە چەوسێنەرەکان رژیمێکی پڕۆ ئەمریکایی لە قودرەتدا بێت باشترە تا رژیمێک کە لە دژی بەرژەوەندیاکانی سەرمایەداری بوەستیتەوە و خۆی بە هیچکەسیکەوە و بە هیچ حکومەتیکەوە وابەستە و مەدیون نەزانێت.
ئەمە بەو مانایەیە کە لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەم حکومەتە نەتەوەیە سەرمایەداریانە خۆیان کێشە و جیاوازی بیر و بڕوا و بۆچونیان هەیە، بەڵام بۆ وەدەست خستنی وزە و هێندێ شتی تر داخوازی موشتەرەکیان هیە. بە بنەما دانانی ئەوەی کە توندڕەوە ئیسلامیەکان بونیان هەیە و گروپی وەک ئەلقاعیدە کە گۆیا تۆڕی پان و بەرینی تێرۆریان دروست کردوە کە دەتوانن کردەوەی وەک 11ی سپتامبر بخولقێنن، هەمو ئەمانە پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە و بە مەبەست کراون. لە بەر ئەوەی کە هەردوکیان هێمنی مەنتەقەکە دەشێوێنن بە سەر یەکدا، هێمنییێک کە دروستکەر و خوڵقێنەرەکەی حکومەتە ئیمپێریالیستیە ڕۆژئاوایەکان و هەروەها ئیمپێریالیستی ڕوسیە و حکومەتگەرانی چین و ڕژیمە وابەستە بە ناو ئازادەکان لە وڵاتە جۆراوجۆرە نوێ کۆلۆنیالیستیەکانن. دیارە ئەم ئەمنیەت و هێمنیە بۆ ئەمان لە مەنتەقەکەدا زۆر لازم و زەڕوریە بۆ ئەوەی کە لەم ئەمنیەت و هێمنایەتیە دڵخوازەی خۆیاندایە کە دەتوانرێت کرێکاران بە ئاسانی بچەوسێندرێنەوە و سود و داهاتی وڵاتانی سەرمایەدارانی بە ئاخرین حەدی خۆی واتە ماکسیمۆم بگەێنن. بەرخوردی وڵاتە نەتەوەیە سەرمایەدارە جۆراوجۆرەکان بەم قەزیە هەمویان وەکو یەک نین، بەڵکو زۆر تێکەڵ و پێکەڵ و پێچاو پێچە. نیزاعی داخوازیەکانیان، وابەستەگیەکانیان و علاقە موشتەرەکەکانیان هەمو لە پاڵ یەکتردا بونیان هەیە. لە ناو خۆیاندا مەعامەلاتی خراپ لە گەڵ یەکتردا دەکەن. پوتین ڕەئیس کۆماری روسیە، هیوادار بو کە بە چاوپۆشان و تەنانەت یارمەتی و پشتیوانی لە هیرش و لەشکەرکێشی ئەمریکایەکان بۆ ناو عەرزی ئەفغانستان، ئەمریکایەکانیش چاوپۆشی لە شەڕی ڕوسەکان لە دژی چێچێنەکان بکەن و دەستیان ئاوەڵە بێڵن و باسی هێرشی ڕوسەکان بۆ سەر چێچێن نەکەن. بەڵام پێشڕەویەکانی ئەمریکایەکان لە 11ی سپتامبرەوە تاکو ئێستا نیشاندەدەن کە: **یەکەم**، ئەم هاوپەیمانەتیە دەشکێت و وەک خۆی نامێنێت و **دوهەم** ئەوە کە ئەمریکایەکان لە زروفەکە کەڵک وەردەگرن بۆ ئەوەی کە فەرمانڕەوایەکەی خۆیان بە سەر جیهاندا ئەوەندەیتر پەرە پێ بدەن و گەورەتری بکەنەوە. 11ی سپتامبر ئوتۆریتەیێکی ئێجگار زۆری بە ئەمریکایەکان بەخشی کە "پارێزگاری لە خۆیان بکەن". ئەوە بۆ ڕژیمە سەرمایەداریەکان بە بنەمای ئیدئۆلۆژی خەڵکیەوە نامومکین بو کە بە دوای ڕوداوەکانی ناوەندی بازاری جیهانی World Trade Center و بینای پێنتاگۆن، هاوپشتی خۆیان لە ئەمریکا ڕانەگەینن. ڕانەگەیاندی هاوپشتی لە ئەمریکا لەم حاڵەتەدا بەس کاتێک ئیمکانی دەبو کە ئەم وڵاتە سەرمایەداریانە ماهیەتی ئیمپێریالیستی و مەسئول بونی ئەمریکا لە نەداری و فەقر لە جیهانی کۆلۆنیالیستی ئەمڕۆ و هەروەها ڕاگەیاندنی شەریکی جورم بونی ئەمریکا لە ڕادەی چونە سەرەوەی توندڕەوە ئاینیەکانیان ڕابگەیاندبایە و لە وتنی ئەم ڕاستیانە سڵیان نەکردایە. و سروشتیە کە

هەڕەشە لە ئەمریکا لە لایەن توندڕەوە ئیسلامیەکانەوە (یا هەر کەسێکی دیکە) نەتیجەکەی هەڕەشەیە بۆ سەر هەمو وڵاتە ئیمپێریالیستیەکان لە جیهاندا. بەڵام هەنۆکە زیاتر لە یەک ساڵ لە 11ی سپتامبری 2001 تێپەڕیوە، داستانی جیهان هەروا درێژەی کێشاوە و جوڵانەوەی "هاوپەیمانەتی لە دژی تێرۆر" بە پێچەوانە و موتەناسیب بەوە کەمتر بۆتەوە، کە چۆن وڵاتە نەتەوەیە جۆراوجۆرەکان ئێستاکە لە سەر ئەو مەوزوعە بیر دەکەنەوە. شەڕ و هەڵاکانیان لەمەڕ چۆنیەتی هێرش بردنە سەر عێراق ئەمەمان بە جوانی نیشان دەدات. و هەر ئەم شەڕ و هەڵایانەیان پێمان دەڵێت کە چۆن ئەمریکایەکان بە دوا 11ی سپتامبری 2001 ەوە هێزەکانی پەرەپێداوە، ئارایشی نیزامی نوێی بە خۆیەوە گرتوە، و ستراتێژییێکی نیزامی نوێیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، کە بە واتەیێکی تر ئیجازە بە خۆیان دەدەن کە لە چەکی ناوەکی بە شێوەی تاکتیکی کەڵک وەرگرن و زەربەی سیاسی پێشگیرانە ڕەچاو بکەن. ئەوە ئیتیفاقی نیە کە بۆ یەک لە سێی بریتانیایەکان، ئەمریکا گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاشتی جیهانی. لە ڕاستیدا حکومەتگەراکان لە ئەمریکا تێرۆری 11ی سپتامبریان بۆ گەورەتر کردنەوەی هێزی نیزامی خۆیان بە کار هێنا.

ئابەم پێشینەوە تەئکید بکرێتەوە لە سەر ئەوەی کە هێز مەکانی بۆ نیە و سەرمایەداری جیهانی خۆی لە هیچ مەکانێکی تایبەت لە سەر عەرز نابینێتەوە، شتێکی ئەحمەقانە و موزەخرەفە. تەسمیمەکان خەریکن دەگیردرێن – لە مرۆڤە واقیعیە مەوجودەکان، بۆ داخوازیە واقیعیە سەرمایەداریەکان و لە سەر مەکانە واقیعیە مەوجودەکان، هەمو ئەمانە بە واقیع نوێنەرایەتی دەکرێن. و لە هیچ شوێنێکی جیهان لە حاڵی حازردا، هێندە تەمەرکوزی قودرەت بەو جۆرەی کە لە کۆشکی سپی لە واشینگتۆن دی سی هەیە، بونیان نیە، ( شوێنەکانی تری ناوەندی هێز، ڕەئیسەکانی شیرکەتە عەزیمە نێونەتەوەیەکان، بنەما نێونەتەوەیە پولیەکان، ئیدارەی سەدری ئەعزەمی ئاڵمان لە ناوەندی بێرلین یا خۆ جادەی دۆنینگ، ڕەقەم 10 لە لەندەنن).

## فەرمەنڕەوای جیهان (ئیمپێریالیزم) چیە؟

سەرمایەداریش وەک هەمو فۆرمێکی کۆمەڵایەتی لە گۆڕانکارییێکی دائیمیدایە و لە ماوەی حەیاتی خۆیدا فازی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەبینێت. ئەم حاڵەتە بۆ سەرمایەداری زیاتر هاتۆتە پێشەوە تا بۆ کۆمەڵگا پێش سەرمایەداریەکان، بۆ ئەوەی کە ئابوری سەرمایەداری پێویستییێکی دائیمی و بێ پسانەوەی بە گەورە بونەوە هەیە. ئەمانە بە هۆی بونی تەولید، قازانج و ڕەقابەتی سەرمایە ڕو دەدەن. مارکس و ئێنگێڵس لە مانیفێستی کۆمۆنیستدا نوسیویانە: "پێویستی بورژوازی بە گەورە بونەوەیێکی موداومی تەولیداتەکانیان، ئەوان بە هەمو سەیارەی عەرزدا بڵاو دەکاتەوە. دەبێت لە هەمو شوێنێک نیشتەجێ بن، لە هەمو کوێیێک بنەمایان پتەو بکەن، و لە هەمو شوێنێک علاقات دروست بکەن". بە دوا دەستپێکردنی سەدەی بیستەم سەرمایەداری بە مەرحەلەیێکی تر گەیشت، کە بە ئیمپێریالیزم ناوزەد دەکرێت کە خۆی بە کۆمەڵێک موشەخەسەی تایبەتی خۆی وەک "ڕەقابەتی ئازاد" لە گەڵ ئەوانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە. کۆمەڵێکی ملەوەن لە تێئۆرێسێنە مارکسیستی و غەیرە مارکسیستیەکان لە ئەوەڵەکانی سەدەی بیستەمدا خۆیان لە گەڵ ئەم فازە نوێیەی سەرمایەداری خەریک کردبو و منازرە و قسە و باسیان لە سەر دەکرد و هەوڵیان دەدا کە ئەم دیاردە نوێیە بناسن، بیسەنگێنن و ڕونکردنەوەیێکی لە سەر دەرکەن. لە ناو ئەم تێئۆرێسێونانەدا دەتوانین ڕودۆڵف هیلفێردینگ، ڕۆزا لوکزامبورگ، کارڵ کاوتسکی، نیکۆلای بوخارین (و: هەمو لینکەکان لە منەوەن) و هێندێ کەسی تریش ناو لێ بەرین. ئەوە بو کە لە ساڵی 1916 ولادیمێر ئیلیچ لێنینی ڕوسی ڕێبەری شۆڕشگێڕی حیزبی بولشویکی، لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "ئیمپێریالیزم بالاترین قۆناغی سەرمایەداری" کارێکی وەستایانە، ستاندارد و بنەڕەتی مارکسیستی لە سەر ئەم دیاردە نوێیە دەرکرد.

تەنانەت هاردت و نێگریش بە چاوێکی پۆزەتیڤەوە دەڕواننە لێنین بەڵام ئیدیعا دەکەن کە ئەمڕۆ ئیتر نەزمی نوێی جیهانی ئەو شاخیسە کۆنەی کە لێنین لە سەر ئیمپێڕیالیزم باسی کردبو نەماوە و ئەو باسە ئێستا ئیتر ناتوانێت ئیمپێڕیالیزم تەعریف بکات.
مە گەر لێنین وتبوی چی؟ لە سادە کردنەوەیێکی کتێبەکەیدا لێنین نیشانەکانی ئیمپێڕیالیزمی ئابەم شێوە باس کردبو: "1. تەمەرکوزی تەولید و سەرمایە کە بە مەرحەلەیێکی هێندە گەورە گەیشتوە کە هەمو ئەو شت و بابەتانەی کە لە ئابوردا ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاو دەگێڕن ئینحێساری دەکەن واتە دەیانهێننە ژێڕ کۆنترۆڵی خۆیان. 2. توانەوە لە ناو یەکی سەرمایەی بانک لەگەڵ سەرمایەی سەنعەتی و دەرکەوتن و بە نەتیجە گەیشتنی شتێکی نوێ بە ناوی ئۆلیگاڕشی ماڵی[1] لە سەر بنەمای سەرمایەی ماڵی. 3. بە پێچەوانەی سدوری کالا، قازانج لە سدوری سەرمایە مانایێکی بە تایبەتی گرینگ دەباتەوە. 4. لە هەمو جیهاندا ڕێکخراوەی یەکگرتوی سەرمایەدارەکان دروست دەکرێن کە جیهان لە بەینی خۆیاندا دابەش دەکەن. 5. دابەشکردنی قەڵەمڕەوی سەرعەرزی بۆ زلهێزە سەرمایەدارەکان لە سەر سەیارەی عەرز کۆتایی پێدێت".
لێرەدا لێنین وەک مارکسیستێک، شیکردنەوەیێکی ئابوری لە سەر کۆمەڵی سەرمایەداری تازە سەرهەڵداو دەدات. لە قسە و باسی عامەی ناو خەڵکدا بەڵام ئیمپێڕیالیزم بە تەوسەعە خوازی حکومەتە زلهێزە سەرمایەداریەکان بە شێوەی نیزامی چیەتی و داگیرکاری و شەڕ خوازی تاوانبار یا خۆ ناوزەد دەکرێت. بەڵام بە ڕاستی ئەمانە "بەس" لە نەتیجەی ئاڵوگۆڕە ئابوریەکان ڕو دەدەن، هەر ئەوەی کە لێنین وتبوی. هەر دوک شەڕە جیهانیەکانی 1و2 بە شێوەیێکی ترسناک تەئیدی قسەکانی لێنین دەکەن. بە دوا ئەوەدا کە جیهان تا دەسپێکردنی سەدەی پێشو بە شێوەیێکی پان و بەرین بە دەست وڵات ئیستیعمارگەرەکانەوە دابەش کرابو، (و فەڕانسا و حکومەتی پاشایەتی بریتانیا گەورەترین وڵاتانی ئیستیعمارگەر بون تا ئەو کات)، شەڕەکان لێرەوە دەستیان پێکرد کە جیهان دوبارە و بە شێوەیێکی نوێ دابەش بکرێت. لە پێش هەمو ئەمانەدا، ئیمپێڕیالیستی ئاڵمان لە هەر دوک شەڕە جیهانیەکاندا هەوڵ و کۆششی دەکرد کە بەشی خۆی لە قەڵەمڕەوی و داگیرکاری سەر عەرزی (و بەم شێوە دەست پێ ڕاگەیشتن بە کەرەستەی کاڵ و نەوت و بازاری نوێ و کرێکاری هەرزان) گەورەتر و بەرینتر بکاتەوە. ئێستا ئیتر شەڕی دوهەمی جیهانی دەور و بەری 60 ساڵە کە کۆتایی پێ هاتوە و لە ڕاستیا جیهان لەم ماوەیە دا ئاڵ و گۆڕی زۆری بە سەر هاتوە. بەڵام پێنج شوناسەکەی لێنین لە سەر ئیمپێڕیالیزم نە تەنیا ئەمڕۆش هەر وەک ئەو کات تازە ماون، بەڵکو ئەم تێزانە ئێستا باشتر و بە هێزتر ڕاستیەکانی ئەم نیزامە دەردەخەن. لە سەر چوار شاخیسەکەی یەکەمی لێنین پێویست بە قسەکردنێکی زۆر لە سەری ناکات. هەر مرۆڤێک کە پێشڕەویەکانی سەرمایەداری و لەوانە چەمکی بە جیهانیکردن واتە گلۆباڵیزاسیونی دیبێت و هەڵی سەنگاندبێت، دەتوانێت پێشڕەویەکانی تەمورکوزی سەرمایە، یا بە واتایێکی تر پێشڕەویە ئینحیسار خوازیەکان بە ڕۆشنی و بە باشی ببینێت و یا هەروەها دەور و نەقشی سوڵتەی سەرمایەی ماڵی، و ڕو لە گەشە بونی سدوری چاوەڕوان نەکراوی سەرمایە بە شێوەیێکی بەرین، (هەم لە فۆرم و شێوەی ڕاگوێزانی کارگا و کارخانەکان بۆ وڵاتە جۆربەجۆرەکانی جیهان و هەم بە شێوەی مەعامەلەی ئەرزی و پولی گەورەی بازارە سەوداگەرە جیهانیەکانی بۆڕس). خاڵی پێنج، دابەشکردنی جیهان لە لایەن زلهێزەکانەوە لە چاو لێکردنێکی سەرەتایی دا بە دی ناکرێت. هاردت و نێگری لە کتێبەکەیاندا هەروەها تەئکید دەکەنەوە لە سەر نەمانی کۆلۆنیالیزم لە جیهاندا، کە ئەمە جێگای ڕەتکردنەوە نیە.
ئەوان دەنوسن: شێوەی هیراڕشی یا خۆ لە سەرەوە بۆ خوارەوە بونی سەرمایەداری جیهانی، بەو شێوەی کە دەرکەوتوە، ئەو وڵاتانەی کە زۆرترین هێزیان هەیە، نەزم و دیسیپلینەکانی خۆیان بە سەر

[1] وەرگێڕ: ئۆلیگارشی بە جۆرێک لە حکومەت یا خۆ بەڕێوە بردن دەکوترێت کە کۆمەڵێکی زۆر کەم لە دەوڵەمەندەکانی وڵاتێک، وڵات بە ڕێوە بەرن.

وڵاتە کەم هێزەکانیتر دا دەسەپێنن، و ئەمە جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەو بنەمایانەی کە دەوڵەت ئیستیعمارگەریەکان و هەروەها دەوڵەتە ئیمپێریالیستیەکان دایان مەزراندوە و بە ڕێوەی دەبەن. کۆتایی ئیستیعمار گەرایی، هاوکات بە مانای کۆتایی جیهانی مۆدێرن و هەروەها کۆتایی شێوەی حکومەتە مۆدێڕنەکانیشە. ...... و ئەمانە زۆر زیاتر بۆ شێوەی فۆرمی حکومەتی نوێی بردون، کە لە مێقیاس و حەد و ئەندازەی جیهانیدا .... خۆیان بەرەو سەرمایەداری جیهانی (Empire) ڕادەکێشن.

دوا بە دوای شەڕی دوهەمی جیهانی، جوڵانەوە نەتەوەیە ئازادیخوازە گەورەکان لە ئەفریقا و لە ئاسیا لە دژی زۆربەی دەوڵەتە ئیستێعماریەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەستی نەتەوەیی خۆیان شۆڕشیان کرد. بەم شۆڕشانە بەڵام سەربەستی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ وڵاتە ئیستێعمار کراوەکان هێشتا نەیاتوانی سەقامگیر ببن. بۆ چەمکێک توانیان ئەم وڵاتانە خۆیان لە گیرۆدە بون بە چەوسانەوە و ژێر دەستە بون ڕزگار بکەن یا هیچ نەبێت کەمتری بکەنەوە. هێندێکیان چوار چێوەی نیزامێکی سەرمایەداریان بە تەواوی ڕەت کردەوە و ئابور و سیستەمی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیانیان بە شێوەی سیستەمی ستالینیستی لە کۆمارە یەککگرتوەکانی شۆڕەوی کۆنەوە وەرگرت. لەمانە دەتوانین لە وڵاتانی وەک: چین، کوبا، ئانگۆلا، ئیتیۆپی، ویتنام و کورەی باکور و چەند وڵاتی تریش ناو بەرین. وڵاتانیتر وەکو میسر بە ڕێبەری ناسر، یا عێراق، بە گرتنەبەری شێوەی دەوڵەتی کردنەوەێکی زیادە لە حەد، هاوکات بە دور لە بنەما فیکریکانی وڵاتانی تر، دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن. ئەمان توانیان ئەو نیزاعە جیهانیەی کە بە دوا کۆتایی شەڕی دوهەمی جیهانی لە نێوان ئیمپێڕیالیزم و ستالینیزم دروست ببون و هەروەها لە پێشڕەویەکانی سەرمایەداری بە دوای شەڕ بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی کە جێ و مەکانێکی سەربەستتر بۆ خۆیان وەدەست خەن و هێندێک پێشڕەوی کۆمەڵایەتی لە وەڵاتەکانیان بکەن. ئەم پرۆسانە بەڵام دوای ماوەێکی کورت دوبارە پێچەوانە بونەوە و وابەستە بونە کۆنەکانیان بە وڵاتە ئیستێعماریەکان و بە دەوڵەتە سەرمایەداریەکان دوبارە جارێکیتر هەمدیسان سەریان هەڵداوە بە هێز بوەوە.

" ئابوری زۆر وڵاتان بە هەبونی شتی سروشتی ئەو وڵاتەوە گرێی خواردوە، (ئابوری وڵاتی شیلی دەیان ساڵ مس دەیسوڕاندەوە، لە کۆلۆمبیا قاوە و هتد). سیاسەتی نرخی وڵاتە پێشکەوتوە سەنعەتیەکان، وڵاتە غەیرە پێشکەوتوەکانی ناچار دەکرد کە مەوادە کاڵەکانیان بفرۆشن و بە پوڵەکەی کەل و پەلی دروست کراو بکڕن. بەم جۆرە بۆشایی نێوان وڵاتە سەرمایەدارەکان لە گەڵ وڵاتە فەقیرەکان هەتا دەهات گەورەتر دەبوەوە: وڵاتی سویس ئەمڕۆکە 400 جار لە وڵاتی موزامبیک دەوڵەمەندترە. قەرزداری وڵاتە بە ناو "جیهانی سێهەمیەکان" بە وڵاتە پێشکەوتوە سەرمایەداریەکان بەس لە ساڵەکانی 90 دا لە 1.5 بیلیۆن دۆلاری ئەمریکاوە چوە 2.2 بیلیۆن دۆلار. ("لە ڕۆژنامەی سۆسیالیستی سۆلیداریتێت(Solidarität) ژمارە 6، لاپەڕەی 7) ئەمڕۆکە دەبێت باس لە سیستەمێکی نێئۆ ئیستیعماری بکەین کە بنەماکەی نەک لە سەر داگیرکارییێکی نیزامی ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە سەر وابەستەگی و ناسەربەخۆیی ئابوری وڵاتان دامەزراوە. ئەمە زۆر ڕون و ئاشکرا دەرکەوتوە کە بۆ وڵاتە ئیمپێڕیالیستیەکان زۆر هەرزانتر تەواو دەبێت، ئەوان ئیتر کەمتر خەرجی لەشکرکێشی نیزامی تەحەمول دەکەن. بەڵام زلهێزە نێئۆ ئیستیعماریەکان دەتوانن بە وڵاتە نێئۆ ئیستیعمار کراوەکان لە ڕێگای ئەرزشی جیهانی پوڵ (IWF) و هەروەها بانکی جیهانی پوڵ دیکتە بکەن کە ئەو وڵاتانە چ جۆر سیاسەتێک پیشە بکەن، یانی ئەوان بۆ ئەمان ئیختیار بکەن کە چ سیاسەتێک بۆ بەڕێوە بردنی وڵاتەکەی خۆیان بگرنە بەر.
بەم شێوە بو کە وڵاتی تانزانیا بە بۆنەی قەرزێکەوە کە بە لایەوە بو، لە لایەن IWF بەوە ناچار کرا کە نەخۆشخانەکان و خوێندنگاکانی ئەو وڵاتە کە تا ئەو کات لە سەر حکومەت بون، بکرێن بە پوڵی و خەرجەکەی لە خەڵک و لە خوێندکاران وەربگیرێن. زامبیا بەوە ناچار کرا کە کانگا مەعدەنەکانی مس

خسوسی بکات، شتێک کە بو بە سەبەبی لە سەر کار نەمان و دەرکرانی 50،000 کرێکار لە سەر کارەکانیان. لە وڵاتی ئێکوادۆڕ IWF بو بە باعیسی ئەوەی کە نرخی گازی ماڵان 80 دەرسەد بچێتە سەرەوە. حەقدەستی کرێکارانی بەشی خزمەتگوزاری بە شێوەێکی بەر چاو هاتنە خوارەوە، ئاویخواردن بە سەرمایەدارە خاریجیەکان بەخشرا و شیرکەتی BP Acro ئەو مافەی پێدرا کە خەتێکی لولەی نەوتی بە سەر ئاندێندا (Anden) واتە درێژترین زنجیرە کێوەکانی جیهان لە ئەمریکای لاتین، بکێشێت.

ئەگەر چی لێنین نەیتوانیبو ئەم پێشڕەویانە پێشبینی بکات، بەڵام ئەو ئێمەی لەوە ئاگادار کردبووە کە چەوساندنەوە ئیمپێریالیستیەکان، **بەس** لە ڕێگای ئیستیعمار کردنەوە نارۆنە پێش. ئەو لە مەڕ فۆڕمولی سەربەخۆیی بە نیسبەت بە وڵاتانی کۆنی ئێران، چین، تورکیە و وڵاتانی ئەمریکای باشور نوسیبوی کە: "تایبەتمەندیەکانی ئەو کاتانە بەس لە دو وڵات، لە ناو گروپە سەرەکیەکاندا نەبون-خاوەن کۆلۆنیەکان و کۆلۆنیەکان خۆیان - بەڵکو هەروەها فۆڕمە جۆر بە جۆرە وڵاتە ناسەربەخۆکان، کە لە زاهیردا لە نەزەر سیاسیەوە سەربەخۆ بون، بەڵام لە ڕاستیدا لە تۆڕێکی ناسەربەخۆیی ماڵی و دیپلۆماتیدا قەتیس کرابون.

**کۆتایی بەشی یەکەم**

وەرگێڕ: خوێنەرانی خۆشەویستی ئەم بابەتە ئاگادار دەکەمەوە کە ئەم مەتڵەبە هێندێک درێژترە لەوەی کە من وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی، واتە من کەمتر لە نیوەیم وەرگێڕاوەتەوە. لە داهاتودا، ئەگەر بزانم کە بابەتەکە خوێنەری هەیە کۆتایەکەشی کە لەم بەشەی ئێستا زیاترە وەردەگێڕمەوە، ئەگەر وانە بێت، لێی دەگەڕێم و داوای لێ بوردون دەکەم. هەر بژین

سەرچاوە: http://www.sozialismus.info/index.php?name=News&sid=182